www.kurdistannet.org
7-7-2006 16:21:29 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا
کتێب

(مۆبایلە شیعر)

# دووسەدو سی و شەش
# (SMS) ی شیعری

زانا خلیل

پێشەکی
مەحمود زامدار – سەروەر عەبدوڵڵا

هەولێر – 2005

دووسەدو سی و شەش
(SMS) ی شیعری

**کتێبفرۆشی سۆران**
**هەولێر: بازاڕی کتێبفرۆشان– نزیک دادگا**
2231420
**soranbook@yahoo.com**

**بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران- هەولێر**

**زنجیرەی ژمارە( 58 )**

**نـاوی کتێب:** دووسەدو سی و شەش ( sms ) ی شیعری

**بابـــــەت:** موبایلە شیعر

**نووســـــەر:** زانا خەلیل

**بڵاوکــەرەوە:** کتێبفرۆشی سۆران – هەولێر

**شوێنی چاپ:** سلێمانی : چاپخانەی گەنج

**ساڵی چاپ:** 2005

**ژمارەی سپاردن:** ژمارە(     )ی ساڵی 2005 ی دراوەتێ

ـ پێشکەشە بە تۆ ...
ئەو سیحرە خواییەی کە لە حەفتەیەکدا،
ئەو کارەی پێ تەواو کردم .. ئاخر هەرواشە
لە پشت هەر حەرفێکی ئێستەتیکی ،
ئەفسوونکارێکی ئێستەتیکی بزر هەیە.
2ـ بەو رۆح و سیمایە ناسکە پێشکەشە
کە ناوی (دەریا)یە.

## مۆبایله شیعر

لە دانیشتنی شەوێكدا سەرەڕای جۆرەها باسوخوازی ئەدەبی و دەمەتەقەی دیموكراتیانە و برایانەی بەرهـەواو جـوان لـەبارەی جیهانی شیعرو ئیستێتیكا و سەردەمی شۆڕشی تیكنۆلۆژیا و نامۆیی مرۆڤ و ڕاچەنینێكی پڕ لە هارژنی نوێبوونەوە و نوێخـوازی و نوێكاری لە جۆری تێڕوانین و بینین و چێژو خەونی قووڵی سەروبەندی جەنجاڵی گلۆبالیزم . بەئەلها و حەزو گزوفتێكی شاعیرانە ،دەیویست ئەزموونێكی نوێی خۆی بدركێنێ و لەپاشا بیخوێنێتەوە.لەبەراییەوە كە دەستی پێكرد– بەش بەحاڵی خۆم – بەقـسەی ڕوتو نەستەقی تێگەیشتم و لەبەرچاوی پاشخانی بیرەوەریەكانمدا ،تارمایی ئـەم پرشـنگە شـیعریانەی وەك ( پۆسـتەرە شـیعرو خونچە شیعرو بروسكە شیعر) تافە ڕەشكەی دەكرد؟ نەخێر كە چـەندین چـەندی لـەم كورتیلـە نامانـەی بـە سـینە سـۆزەیەكی گەرمەوە خوێندەوە ، لەتەك بیستنی چەندێكیان ڕادەچلەكام و چێژێكی نوێی پێ دەبەخشیم، تا بەتەواوی بۆم ڕوون بووەوە كە لە بەردەم ژانرێكی نوێی ئەدەبیدام. هەستام و سوڕامەوە و چەند ماچێك و پیرۆزبایی. ئینجا شەپۆڵی پیلە بازییەكی تێرو تەسەل.

لەو كەش و هەوایەدا بیرۆكەیەك لەلام شریخەی داو گەلاڵە بوو ، ئەویش ئەگەرچی ئەم ژانـرە سـەردەمانێكی زوو لـە ڕێـی ئینتەرنێـەوە لە ئەوروپاو ئەمریكا و ولاّتە پێشكەوتووەكانی تردا هاتۆتەكایەوەو بەزمانی جیا جیاش خوێندراوەتەوە، بـەلاّم لەگـەڵ بەرفراوانبوونی ئامێری (مۆبایل) و بەكارهێنانی بەرهەرای لەلایەن كۆمەلانی خەڵكی ولاّتان و لەپاشا لـە كوردسـتانی خۆمانـدا، پێم جوانتر بوو بەناوی (مۆبایلە شیعر) ناوزەد بكرێ،چونكە (SMS )ەكە یا كورتیلە نامـە بـەم نـاوە زۆر بارگـاوی نییـە.خـۆ كارەكەش هەر بە مۆبایل دەكرێ ، بۆیە و لەپاش تاوتوو كردنێكی زۆر ئەو ناوە – لە دانیـشتنەكەدا – پەسـند كـرا، كـە لەلای من پڕ بە پێستی ئەم ئەزموونە نوێیەی شیعرەو ڕیتمەكەشی زۆر سوارو شیاو و دڵنشینە. ئـەوەبوو بڕیارمـدا هـەرهیچ نـەبێ وەك دەسپێشكەریم بۆ خوێنەران بیكەمە دەستور دیاریەك كەلەوانەیە مشتومڕو دەمەبۆڵە و چەند بۆچوونی لێبكەوێتەوە.

دوای دەنگ و ڕەنگ و دەفتەرەكەیم لێكردو بۆی هێنام . كە بە تاسەیەكی پاك و قووڵۆەش پەیتا پەیتا خوێندمەوە و چەندین (مۆبایلە شیعر) یێكم لەو (236) مۆبایلە شیعرە هەڵبژارد. لەسەرەتادا دەبوایە من شتێ لەبارەی ئەم ژانرەوە بنووسم ، بەلاّم كە سەیری پێشەكیەكەی شاعیرم كرد، وام بە شیاوتر زانی كەهەر ئەو پێشەكیە بكەمە دوو پرسیار و وەلاّمەكەشی هەر لەو هەڵێنجم . خۆ كە بیستیشم دكتۆری بەتوانا كاك سەروەر عەبدوڵلاّ بۆچـوون و بـاری سـەرنجێكی پوخـت و خـارای لەسـەر نوسـیوە ، بەشێكی ئەو نووسینەشم كردە گەواهێكی دەمڕاست.

ڕاستە ئەزموونەکە نوێیەو پێویستی بەگەلێ هەڵوەستە و گۆشەنیگا هەیە ، بەڵام باجاریێ بلاوبێتەوە ، ئینجا بازەندی هەڵسەنگاندن و ڕەخنەی لیێ داچەندریێ. ئومێدەواریشم ئەزموونی ئەم ژانرە جێگەی خۆی لەنێو ئەزموونە جوانەکانی دیکەی شیعری نوێخوازانەو ڕاچەنیوی کوردی بکاتەوە و عەودالانی شیعری جوانیش چێژی لیێوەرگرن.

## دووپرسیار

- **پێوەندی نێوان شیعرو تیکنۆلۆژیا بەرەو کوێ؟**

**شاعیر:** دوای ئەو هەموو گۆڕانکارییانەی کە لە هەموو ڕوێکەوە ، بەسەر کۆمەڵی مرۆڤایەتیدا هاتووە، ئێستا تیکنۆلۆژیا و تیێلیکۆمیکاتسیۆن کاریگەرییەکی بەرچاویان هەیە لە بەیەکگەیشتن و قۆرخی هەندێلایەنی گرینگی پانتاییەکی ژیانیان کردووە.

(SMS ) و (ئیمێل) گۆڕینەوە لە نێو گێنەراتسیۆنی نوێدا بۆتە دیاردەیەکی باوی لەبەرچاو ، ئەو حاڵەتە لەسەردەمی ئێستاماندا بۆتە بەشێك لە ژیانی نەوەی نویێ، بەتایبەتیش ئەوانەی کە داپچڕاو نین لە تەوژم و شەپۆلەکانی شارستانی و ژیاری. بێگومان هەر داهێنانێکی نوێی تەکنەلۆژی ، هەڵگری کۆمەڵێ بابەت و تیمەی نویێ دەبیێ ، واتە: لەگەڵ سەرهەڵدانی هەر ئامێرێکی نویێ ، دەیان هونەری دی ، سەرهەڵدەدا ، هەر نموونە کە (پلەی ستێشن) دورست دەبیێ ، یەك دنیا فەنتازیاو هونەری سینەمایی لەگەڵ خۆی دێنیێ، دواتر سەرهەڵدانی ئەو فەنتازیاو هونەرە بە ئاشکرا لە سینەما ڕەنگ دەداتەوە ، وەك ئەوەی کە فلیمی (سپایدەمەن) بینیمان.

- **ئەی ڕازو دەوری مۆبایل هەر لەم بوارەدا؟**

**شاعیر:** لەگەڵ بلاوبوونەوەی مۆبایل لەو دەساڵەی کۆتاییدا ، بەو شێوەیەو بوونی پرۆگرامێك بۆ نووسینی نامەی زۆر کورت کە ئەویش هونەری نووسین (SMS ) ـە .دەمەوێ لەبەراییەوە ئەوە بڵێم ئێستا لە دونیادا ڕۆژانە بە ملیونەها (SMS ) دەگۆڕدرێتەوە.

لە ئەوروپاو ڕۆژئاوادا هونەری (SMS ) بەشێوەیەکی ئەدەبی لە ڕووپەڕی زوربەی زۆری ڕۆژنامەکاندا دەخوێندرێتەوە و وەکو کتێبی سەربەخۆش بلاودەکرێتەوە، بەم دواییانە ئەم حاڵەتە سنووری ڕۆژئاوای بەزاندو ئێستا ئەوەی من ئاگاداربم عەرەب و تورکیش کاریان لەم بوارەدا کردووە.

بێگومان نووسینی (SMS ) ی خۆشەویستی یا نامەیکی کورتی عیشق لە مۆبایل ، ئەگەر تەماشای ئەتمۆسفێرە گشتییەکەی بکەین ، هەمان حاڵەتی نووسینی نامەیەکی عیشقە بە قەڵەم و کاغەز، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بابەتە لە جیاوازی خاڵی نین ، هەر بەنموونە :

1- (SMS ) زۆر کورترو چڕتر و مەبەست پێکاوترەو زوربەی جارەکان تۆ بەتەنیا دێریك یان چەند دێرێکی کەم وێنەیەکی تەواو ئیستێتیکایی دەدەیت و بە پرسیارێك یان خاڵ یان سەرسوڕمانێك قفلی دەدەی .

2- (SMS ) زۆر زووتر لە (نامە) دەگات و زوتریش وەڵام وەردەگرێتەوە.

3- لە ڕووی ئابوورییەوە بە بەراورد لەگەڵ قسەکردن خەرجیەکەی کەمترە.

4- بوارو کاتی بیرکردنەوەت زۆر زیاترە ، تا جوانترین ڕستە بۆ کەسیی وەرگر هەڵدەیت و .... تاد.

من لێرەدا دەمەوێ بەکورتی ئاماژە بەوە بکەم کە ئێستا هونەری(SMS ) نووسین لەگەڵ گۆڕانکارییەکان وەکو ژانرێکی نوێی ئەدەب خۆی نیشان دەداو بە تەواویش نەوەی نوێی خەرك کردووە، ئەو هونەرەی کە لەنێوان (قسەی ئاسایی ڕۆژانە و وێنەی شیعری) دایە، پێی دەڵێن هونەری (SMS )نووسین ، بۆیە هیواخوازم یەکەم هەنگاوم لەم ڕووەوە هاویشتیێ و دڵی

گێنەراتسیۆنی نوێی پێخۆش بێ و تا ڕادەیەکیش کار لەو (SMS )انە بکا کە تەواو لە هەموو شیعرییەت و وێنە ئەدەبییەکان خالێن . بێگومان هەمیشە کەمینە خەریکی ئەدەبن ، ئێستا زۆرینە خەریکی گۆڕینەوەی نامەی ڕۆمانسی و سۆزاوین لە ڕێگەی مۆبایلەوە .ئەم کارەی منیش بۆ ئەوەیە ، ئەگەر بکرێ زمانی زۆر ئاسایی ڕۆژانە ، لە ڕێگەی هەندێ وێنەی شیعرییەوە بگۆڕێ، تا زۆرینەی نەوەی نوێی کوردئالوگۆڕی نامەکانی عیشق و وەفا و جوانی بکەن.

**مەحموود زامدار**

## لە بەردەم ژانرێکی نوێی ئەدەبدا

هەمیشە ئەزموونی گوزارشتدانەوی مرۆڤایەتی دابڕاو نەبووە لە گۆڕانکارییە وردو درشتەکانی پێکهاتەی هەر کۆمەڵێك،بەم شێوەیە کاری نووسین دیاردەیەك نەبووە بەدەر دەبێت لە قۆستنەوەی هەموو ئەو حاڵەتە تارانەی خۆیان دەخزێننە ناو هاماجی کۆمەڵ یان هەندێ جار سفت و سووك خۆیان و بارگەکانیان ، بێ بەردەباز دەپەڕنەوە بۆ ناو ئاخنی پەیوەندییەکانی ئەم هاماجەوە ، گۆڕینەوە ( E-Mail ) و (CHAT ) و (SMS ) هێوین و زادەی ئەو جۆرە نووسینانەی ئیمڕۆن کە لەڕێگەی ئەو

(Telekomenikaton ) ە تازەیەی هەنووکەدا هاتۆتە ئارای کارتێکردن لە بەشێکی دیاری پەیوەندییەکانی کۆمەڵگای خوێندەواری کوردییە . بەم جۆرە ئەم بوارە زیندوانەی ئیمڕۆی (Telekomenikaton ) وێرای ئەوە بووە بێتە پورگێکی درەوشاوەی نمایش ئامێز لە بواری بەستنەوە ئەم بە ئەو یا بە پێچەوانەوە ، ئەفراندنی ئەم کۆمەڵە لە (SMS) ەی بەردەست خوێنەریش گەواهی ئەوە دەدەن کەوا شاعیری کورد دابڕاو نییە لە جیهانی تازەگەری و ئەفراندنی دیاردەی نوێ و بە مۆدێرنەکردنی بابەت لە ڕێگەی هەڵکەوتەکانی سەردەم و ڕوخساوەکانی ڕۆژانەی ئەمڕۆمان.

زانا خەلیلی شاعیر وەك چۆن لە بەشێکی دیاری دیوانی پێشوویدا (دیالۆگی لالێك لە مێسەنجەری پەپولەکاندا ) هەوڵی دا شیعری کوردی بە سستایلی ئیمڕۆی ئەورروئەمریکی چەکەرە بکات یان ئەگەر ڕاستتر بلێین هەوڵی ئەوەیدا بەرەو دونیایەکی تژی موغامەرەی نووسینێکی تازە بڕوات کە ئێستا لە ڕۆژئاوادا پێرەو دەکرێت ، ئەوا هەنووکە لەم کۆمەڵە (SMS)ی ەدا هەوڵی داوە پریاسکەکانی ئەزموونی سیعری خۆی کۆبکاتەوە شتێ بنووسێ لە شیعر بکا یان ژانرێکی ئەدەبی یان کرۆکی خودی شیعر بێت ، کە دەکرێت ئێستا بۆ ئەم کاتە ناوی لێبنێین ( تێلە شیعر) چونکە لەو هێوینەوە شەدەڵەی گرتووە کە تێلە کومێنیکاچیۆنە، یان دەکرێت ناوی لێبنێین (مۆبایلە شیعر) وەك چۆن مامۆستای نەوە تازەکارەکانی شیعر ( مەحموود زامدار) بۆی هەڵداوە ، یان هەر ناوێکی وەك (SMS ) ی شیعری کە شیاوی ئەوە بێت گوزارشتدانەوەی گشتی سیایلەکەی بکاتەوە.

بەلای منەوە ئەم (SMS ) انەی زانا خەلیلی شاعیر زادەی ئەو خەستکردنەوەیە بێت کە لە خودی ڕیالیتەی مەرجەکانی نوسینی (SMS )ەکەدا هەیە و خۆی دەمەرجێنێ بەسەر ئەو بوارە بچوك و تەسکەی تیایدا بەرهەمهێن پێویستە بەرهەمەکەی خۆی تیایدا بپێکێنێ تا ئەو ڕاددەیەی مشتێ لەبارە ماشێ نەبێ بەقەد ئەوەی پارچە کریستالێك بێت تیایدا بکرێت هەموو شتەکان ، خەون و خەتا ، جوانی ئەزەل، مەمك و پەنجە، بەهەشت و خاپەرۆ بە چڕی ڕەنگبداتەوە ، ئەمەش تا ئەو ڕاددایەی بکرێ بلێیین لەم (SMS ) انەش ڕۆح بە پەیڤ دەگات و ماڵئاوایی لە کلاّوکورەی ئەو نووسینانە دەکات کە لەناو نازولاتی ڕەنگ و دەنگیان ، نازولالی دیتنو بیستنیان لە کاسەی سەری خاوەن چێژگیرکردووە.ڕەنگە ئەم (SMS ) انەی لە دوو تۆێی ئەم کتێبەی زانا خەلیلی شاعیر هاتووە کارێکی بێ بنەچەکەو بێ ڕەگ وڕیشە نەبێت ، بەڵکو دەکرێت هەر یەکێکیان لێیان بە زادەی گۆڕانکارییەکانی بنەڕەتی شیعر ئامێزی ئەو ستایلە بێت کەلە بونیاتی دێری شیعری تەقلیدیدا بەدیدەکرێت ، بەشێوەیەك نرخ بە سادەیی بدات و لەهەمان کاتیشدا چری بنوێنێ و زیاتریش لە پێوانەکانی هەموو جۆرە شیعرێك دەرباز ببێت و پابەندی چ جۆرە پابەندێك نەبێت.

ئەم ئەزموونە هەمیشە بێ شەدەڵە نامێنێتەوە لەو ئەزموونانەی نوسینی شیعری یان شیعر ئامێزی پێشە خۆی بەشێوەیەك ناکرێت بلێین دوورە لە دەفری هاشم سەراج و کەریم دەشتی یان لە سپیەتی بەفری دڵشاد عەبدوڵلاّی نەگرتۆتەوە یان بەناو سەمای بەفرەکەی جەلال بەرزنجیدا سەمای نەکردووە یان لەهاماجی مامۆستا باوەکری تا سەر لە ع. ع .یوسف و چەندین و چەندینی دیکەی نەگرتیێ.....

ڕەنگە سەرنج زۆر بێت لەسەر نرخی هونەری هەر (SMS )ێك کە لەم کتێبەدا هاتووە، ئەمەش حالەتێکە هیچ گومانێکی تێدا نییە، خۆ ئەستەمە هەر هەمووومان لە ئاستێکی بەرزداین ناشکریت وەلاوەیان بنێین کاتێك سەرنجمان زیر ببێت لەمەر هەندێکیانەوە ئەزموونی نووسین هەرگیز قەبوولی نییە بە ئەزموونی خەتاو قەبوول بناسریت بەقەد ئەوەی هەمیشە چاوهەڵدەبرێتە ئەوەی گوزارشتدانەوەی خودو جیهانبینییەك بێت دابڕاو لەڕای ئەم و ئەو ئەم ئەزموونەی زانا خەلیل شاعر تا جێگەی خۆی دەگرێتەوە بەجۆرێك لە جۆرەکانی گوزارشتدانەوەی نووسراو دەمێنێتەوە .بەم شێوەبە ئەم بەرهەمە نە بەشێکە لە ئاسمان بەلاّم دەکرێت نووسینە ڕەخنەییە سەرکەوتووەکان ئەوە زیاتر ساغ بکەنەوە سەر بەکام دایکەو یان ڕەچەڵەکی لە کامە ئاوەڕۆیە و بەدەوەنی کام خاکدا تێدەپەڕێت، تا ئەو کاتەش کاتی خوێندنەوەتان خۆش.

**سەروەر عەبدوڵڵا**

2005/7/1

## پێشەکی

دوای ئەو هەموو گۆڕانکاریە گەورانەی کە لە هەموو رویەکەوە بە سەر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا هاتووە، ئێستا تەکنۆلۆژیا و تێلیکۆمیکاتسیۆن کاریگەریەکی بەرچاو و دیاریان هەیە لە بەیەك گەیشتن و، قۆرخی هەندێ لایەنی گرنگی پانتاییەکانی ژیانیان کردووە..

"SMS" و "ئیمێل" گۆڕینەوە لە نێو گێنەراتسیۆنی نوێدا بۆتە دیاردەیەکی باوو بەرچاو، ئەو حاڵەتە لەسەردەمی ئێستاماندا بۆتە بەشێك لە ژیانی نەوەی نوێ، بەتایبەتیش ئەوانەی کە داپچڕاو نین، لە تەوژمی شەپۆلەکانی شارستانی وژیاری..

بێگومان هەر داهێنانێکی نوێی تەکنەلۆژی هەڵگری کۆمەڵێك بابەت و تێمەی نوێ دەبێ.. بەواتایەکی تر، لەگەڵ لە دایك بوونی هەر ئامێرێکی نوێی تەکنۆلۆژی، دەیان هونەری دی لە دایك دەبێ، بە نموونە: کە "پلەی ستێیشن" دروست دەبێ ، یەك دنیا فەنتازیا و هونەری سینەمایی لەگەڵ خۆی دەهێنێ.. دواتر لە دایك بوونی ئەو فەنتازیا و هونەرە بە ئاشکرا لە سینەما رەنگی دایەوە وەك ئەوەی کە لە فیلمی "سپایدەمەن" بینیمان.. من لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم، کە لە گەڵ بلاوبونەوەی " مۆبایل" لەو دەساڵەی کۆتایی بەو شێوەیەو بوونی پرۆگرامێك بۆ نووسینی "نامەی کورت، لە دنیادا هونەرێکی نوێ هاتە کایەوە کە ئەویش "هونەری نووسینی SMS"ە. "هونەری نووسینی SMS" چییە؟

بەر لەوەلامدانەوەی ئەو پرسیارە دەمەوێ بڵێم: ئێستا لە دنیادا رۆژانە بە ملیۆنەها "SMS" دەگۆڕدرێتەوە، لە ئەوروپا و رۆژئاوادا "هونەری نووسینی SMS" بەشێوەیەکی ئەدەبی لەسەر رووپەری زۆربەی رۆژنامەکاندا دەخوێندرێتەوە، وەکو کتێبی سەربەخۆ بلاودەکرێتەوە، بەم دواییانە ئەو حاڵەتە سنووری رۆژئاوای بەزاند و ئێستا ئەوەی من ئاگادار بم عەرەب و تورکیش کاریان لەو بوارەدا کردووە..

بێگومان نووسینی "SMS" ی خۆشەویستی یان نامەیەکی کورتی عەشق لە مۆبایل، ئەگەر تەماشای ئەتمۆسفێرە گشتیەکەی بکەین، هەمان حاڵەتی نووسینی نامەیەکی عەشقە بە قەڵەم و کاغەز، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دوو بابەتە خاڵی نین لە جیاوازی، بە نموونە:

1-"SMS" زۆر کورترو چڕترو مەبەست پێکترەو، زۆربەی جارەکان تۆ بە تەنها دێرێك یان چەند دێرێکی کەم، وێنەیەکی تەواوی ئێستەتیکی دەدەیت و بە پرسیارێك یان خاڵ یان سەرسوڕمانێك قفڵی دەدەیت.

2- "SMS" زۆر زووتر لە "نامە" دەگات و زووتریش وەلام وەردەگریتەوە.

3- لە رووی ئابووریەوە بە بەراورد لەگەڵ قسەکردن خەرجیەکەی کەمترە.

4-بوارو کاتی بیرکردنەوەت زۆر زیاترە، بۆ ئەوەی جوانترین رستە بۆ کەسی وەرگر هەڵدەیت و.. هتد. من لێرەدا دەمەوێ بە کورتی ئاماژە بەوە بکەم کە ئێستا هونەری "SMS" نووسین لەگەڵ گۆڕانکاریەکان وەکو ژانرێکی نوێی ئەدەب خۆی نیشان دەداو، بە تەواویش نەوەی نوێی خەریککردوە، ئەو هونەرەی کە لە نێوانی ((قسەی ئاسایی رۆژانەو – وێنەی شیعریدایە)) پێی دەڵێن: ((هونەری SMS نووسین)). بۆیە خوازیارم یەکەم هەنگاوم لەو رووەوە بە باشی هاوێشتبێ و دڵی گێنەراتسیۆنی نوێی پێ خۆشبێ و تارادەیەکیش کار لەو "SMS" انە بکا کە تەواو خاڵین لە هەموو شیعریەت و وێنە ئەدەبیەکان.. بێگومان هەمیشە کەمینە خەریکی ئەدەبن، ئێستاش زۆرینە خەریکی گۆڕینەوەی نامەی رۆمانسی و سۆزاوین لە رێگای مۆبایل، ئەو کارەی من بۆ ئەوەیە، ئەگەر بکرێ زمانی زۆر ئاسایی رۆژانە، لە رێگا هەندێ وێنەی شیعری بگۆڕدرێ، بۆ ئەوەی زۆرینەی نەوەی نوێی کورد، بە شێوەیەکی ئەدەبی ئاڵوگۆڕی نامەکانی عیشق و وەفاو جوانی بکەن.

**زانا خەلیل**

-1-

تەماشاکە، ئەسپ سوارێ بەرەو
دنیای خەونەکانت دێ، مەترسەو
جارێ بۆم بنووسە: خۆشمدەوێی.

-2-

دەبێ مەرگ مەودا بدا، جارێ
لە تۆوە ببیستم، پێم بلێی:
خۆشمدەوێی.

-3-

چارەنووسێکی سەیرە! من تێناگەم
بۆچی دەبێ من ئەوەندە غەریبیت بکەم؟

-4-

دوێنێ شەو لە خەونمدا
لە لێواری رووباری دلم تۆ
ببووی بە نێرگز..
رێگام پێدەدەی تا ئاستی مردن
بۆنت بکەم؟

-5-

کە شەوێ بێیتە باوەشم، من
هەرگیز پێویستم بە لە دایکبوونەوەی
رۆژ نیە..

-6-

کێ وەك من بە تامی شەرابی دەنگت
مەستە..؟ دەی پارچەیەکی سیمفۆنیای

دەنگتم بۆ بژەنە.

-7-

حەزم بە بۆنی پرچ و تامی لێوتە ..
ئێوارەێی بێ پرسی چارەنووس وەرە،
با گەمە ئیرۆتیکەکانی ژیان بنووسینەوە.

-8-

ئەگەر بمزانیبووایە بەردانی دەستت
هێندە گرانە، من هەرگیز نەمدەگرت.

-9-

ئەورۆ تۆم دیت ببوی بە کوکوختی و
لەسەر دەلاقەی ماڵی ژیانمدا ، هێلانەت
چاکردبوو.

-10-

دەڕۆم .. رەنگە بۆ ئەبەد نەتبینمەوە،
بەلاَم بۆ هەمیشەیی لە زاکیرەمدا
تابلۆی بیرەوەریەکانی تۆم لایە.

-11-

شەو درەنگانێ مۆبایلەکەت دامەخە
چونکە جگە لە دەنگی تۆ، ئاوازی
هیچ بلبلێکیش ناتوانێ بمخەوێنێ.

-12-

ئاه، عەشتاری شار: رێگا دەدەی

بێمه نێو پەرستگەی ژیانت..!؟

-13-

پەپوولـەی گیانیمن: سیَ وشەم هەیه بۆت

1- خۆشمدەوێی..

2- خۆشمدەوێی..

3- خۆشمدەوێی..

-14-

زۆرجاران لـەبیَ تۆییدا،

دڵم چرۆی فرمێسك دەگریَ.

-15-

كه دەڕۆیت و ناتبینمەوە، من

هەمیشه بۆ ئەو رۆژە دەگریم

كه تێیدا لـه دایكبووم.

-16-

خۆزگه شیعری سەر پارچەیێ كاغەزی

سوتاو دەبووم، تا ئەو نەسیمی ئەوینه

را یماڵیبوومایه ژێر پێیەكانت.

-17-

نامەویَ چاو لـه دیدارت بتروكێنم..

دەترسێم غەریبیت بكەم!

-18-

حەزم نەدەكرد تووشی كەرنەڤاڵی

خەفەتت بكەم.. بەڵام ئەوەیان

داخوازی خۆت بوو..

–19 –

بەلای منەوە گرینگ نیە کە تۆ منت
خۆشبویَ، چونکە زەمەنێکی درێژە
من بڕیارمداوە تۆم خۆشبویَ.

–20–

دەتەویَ لە نێو کایەکانی ئەفسانەو خەیاڵدا
عیشق بکەی؟ ناوتم بۆ بنووسە تا پێت بڵێم:
خۆشم دەوێی.

–21 –

"SMS" ەکانت وەکو ناخت فیردەوسین
توو خودا دواین رستەم بۆ بنووسە
لەو شەوە تەنهایەدا.

–22–

وەلأمم مەدەوە گیان، بەلأم چاوڕێبە.
لەو زووانە هەواڵی مەرگی منت پیَ دەگا.

–23–

تۆ کە حۆریت، وەرە نێو جەننەتی دیدەم، چ دەکەی
لەم دڵەی پڕ شەرەر و سینەی سۆزانمدا؟
نالی

–24 –

ئەی ئەفرۆدێت: تۆ نوێترین دەستوری
عیشقت لە هەولێر داڕشت..

–25 –

بۆ کوێ دەچی؟ من لەناو زاکیرەتدا
هەڵکۆڵدراوم! ؟

–26 –

دەریای خەفەت شەپۆلیدا، بەرەو
باوەشی تۆ نیم، روو لە کوێ بکەم
ئەی خودا؟

–27–

کە سەفەرت کرد، دڵی خۆت لایمن
بەجێ بێڵە .. تا شەوانە لەسەر قەروێڵەی
دڵمدا بیخەوێنم..

–28–

کە بڕیارە بەیانی یەکتر ببینین، من هەرگیز
باوەڕم بە هەڵهاتنی خۆر نەماوە..

–29–

هاوین بوو بارانی عیشقت داباری،
پێدەچێ لە زستاندا بە هەتاوی
رۆحت گەرمم بکەیتەوە..
–30–
شەو بەسەر پشت و روو لە ئاسمان
راکشابووم.. تا تێربووم لەگەڵت دوام.
لە کۆتاییدا بۆم روون بۆوە کە من
مانگ بە تۆ تێگەیشتبووم..

–31–

ئەورۆ هەواڵم پێگەیشت کە سەفەر دەکەی
دەکرێ بۆنی باوەشی من، لە باوەشی
یەکێکی تردا بکەیت..؟

-32-

تا تۆ نەهاتیە ناو مەملەکەتی رۆحم
من نەمدەزانی هێندە خۆمم خۆشدەوێ..

-33-

بۆ نابێ لە جیاتی وشە، رۆحمت
لە "SMS" یکدا بۆ بنێرم..؟

-34-

(تەمموز مانگێکی دژوارە)
گوڵی بیرەوەریەکانمی تێدا دەروێ.

-35-

(پاش زریانی بێدەنگی)
هیوادارم ساماڵی دەنگت هەڵبکا..

-36-

کەی دێی سەفەرێ بەرەو رووناکی
بکەین...؟

-37-

لەو زستانی لێکدابرانەدا

من وام خۆم بە دیار ئاگردانی
بیرەوەریەکان گەرمدەکەمەوە..

-38-

خۆزگە "داڤینشی" بوومایە، ئەوکاتە
لە جیاتی مۆنالیزا، تابلۆی تۆم دەکێشا..

-39-

کە هەوالّت نیە، دیارە دەتەوێ
فێرم بکەیت، بتوانم لەبێ تۆییدا
بژییّم..

-40-

نازانم تۆ چەند غەریبی من دەکەیت؟
بەلاّم دەزانم چرکە بەسەر مندا تێناپەڕێ
کە تێیدا بیر لە تۆ نەکەمەوە.

-41-

ئەگەر دەتەوێ رادەی خۆشەویستی من
بۆ خۆت بزانی، ئەوا برۆ پرسیاری
مەیخانەکانی شار بکە..

-42-
کە لە ئاوێنە لە رووخساری خۆم دەڕوانم
تەنها تۆ دەبینم.

-43-

ئەگەر ئێوارەیێ منت بە شێتی
لەسەنتەری شار دیت، شەرم نەکەی

زەردە خەنەیەکی پڕ لە خەفەتم بۆ بکەی.

-44-

(کە ئێستا لە خۆم دەڕوانم،
من رابردوویێکی رەشم،
ئایندەیەکی سپیم لە باوەشدایە.)

-45-

سەرم بقلێشێنە.. لەناو مێشکدا
جگە لە خۆت هیچ شتێکی دی
بەدی ناکەی..

-46-

ئەو کاتە هەست بە ژیان دەکەم
کە بۆنی بخووری پرچت دەکەم.

-47-

حەزدەکەم هێلانەیەك لە نێوان
ئاسمان و دەریا چابکەین و لەوێ
ژیان بەسەر ببەین.

-48-

خۆشەویستی لە "شەترەنج" دەچێ،
هەمیشە عاشقە شێتەکە، زووتر
مەلیکی خۆی لەدەست دەدا.

-49-

قەروێڵەیەکی دووکەسیم، لە ژووری
هوتێلی خەون بەکرێ گرتووە.
دێی پشووی هاوین لەوێ بەسەر ببەین؟

-50-

تۆ–ئاو–ی، جارێ تێرم دەکەی و
جارێکیش دەتوانی بە سانایی بمخنکێنی..

-51-

ئەورۆ کە لەیەکتر دابڕاین، بۆ
یەکەمین جار لە ژیاندا
بیرم لە مردن کردەوە.

-52-

بە ئایندە پێبکەنە و بۆ ئێستاش بگری
مەترسە و بنووسە: خۆشمدەوێی،
خۆشمدەوێی، خۆشمدەوێی.

-53-

پەنجەرەی دڵت ئاوەڵاکە، کۆترێ دەبینی
لەمنەوە بە دەنووکەکانی، پەیامی لێومی
بۆ هێناوی.. بە دڵی، سورەتی سۆزی
بۆ هێناوی.. بە رۆحیشی وشەی
خۆشەویستی..

-54-

ئەی ئیمپراتۆری عیشق و جوانی:
لە رۆحەوە غەریبیت دەکەم.

-55-

ئەی باڵندەی خەفەت:
هەنگی رەنگم پێویستی بە
گوڵی دەنگتە..

-56-

کەعبەی من بۆ ناکرێ بەرامبەرم بوەستی
تا رۆژانە (5) رکەعەت نوێژی
عیشقت بۆ بکەم..

-57-

گلێنەکانم: تۆ لە هەناسە پێویستتری
چاوەڕێم بێیتە نێو سیەکانم.

-58-

هەناسەکانم: من بە "SMS" ە کەت
سەرخۆش بووم.. ئەو کاتەش مەستترو
بەختەوەرتر دەبم، کە تۆ لە باوەشمدا
ببینم.. (ماچت دەکەم تاوسی خودا).
-59-

شاسواری خەونەکانم: لەبێ تۆییدا
هەرگیز خەو ناچێتە چاوانم..

-60-
فریشتەی فیردەوس: ئەی حۆری دەریا:
ئەگەر دەزانی چەند بیر دەکەم،
یەکڕاست لەعلی لێوت بە "SMS" ێك
دەنێری.

-61-

گوڵێمن تازە بیرم دەکردی، هەمیشە
ئومێدمە جارێك چاوە سیحراویەکانت
ماچ بکەم.

-62-

ئەی خۆری تەمەنم: تیشکی رووخسارت
لە گیانمدا دەدرەوشێتەوە، ئەگەر تۆ بێیتە لام، گوڵی گیان و ژیانم
دەگەشێتەوە.

-63-

گوناهی من نیە، چارەنووس بوو گوتی:
بە "SMS" یێك سەرێ لە ماڵی دڵی بدە.

-64-

حەیرانتم دڵ لەدڵ مەدە و
تەنها جارێ بۆم بنووسە:
(ماچت دەکەم).

-65

دەخیلت بم، نەخیلی یا رووتابی
وەها شیرین، سینە نەرم دڵ رەق
نالی

-66-

وەرە لەگەڵم بۆ دووری ئاوەدانی،
تا لەناو تەنیایدا، چیرۆکی
عیشقێکی بێگەرد بۆ مێژوو تۆمار بکەین.

-67-

حەزم دەکرد لە جیاتی "SMS"

بەپەرەسێلکە سەلاوی

عیشقم بۆ ناردبای.

-68-

خۆزگە چاوێکت لێم دەبێ کە

لە نێو ئۆقیانووسی ئەشکدا

نوێژت بۆ دەکەم.

-69-

مەترسە و نهێنیەکانی رۆحتم بۆ بنووسە،

خودای عیشق دەتپارێزێ.

-70-

تیشکێك لەتۆوە بەرەو من دێ

شەوی دەروونم رووناك دەکا..

-71-

ئارامبگرە، فیردەوسی ئایندە چاوەڕێمانە.

-72-

تۆ بارانی، دڵۆپەکانیشت تیر..

دڵم هەمیشە بۆ تۆ نیشانە،

بمکوژە و جارێ بڵێ: خۆشمدەوێی.

-73-

لە دەیجوور و ئەنگوستە چاویشدا

رووخساری تۆ لە هەموو جوانییێکدا

دەخوێنمەوە.

-74-

ئەو شەوە لافاویش هەستێ
دێم و پێکی لێوەکانت دەخۆمەوە.

-75-

گەر تۆ نەبووای، ئێستا من لەناو
بارِی مردن، پێکی خەفەتم هەڵدەدا.

-76-

چاوەڕێبە ڕۆژی دادێ،
دەست لەناو دەست
لە کەناری دەریای ژیان
زەمەن دەگوزەرێنین.

-77-

ئیمپراتۆری سەرزەمینی ژان
بەسە ئیدی بە سوپای برین
بەهەشتی ڕۆحم کاول مەکە.

-78-

گولێ:
شاری پڕ شۆڕی مەحەببەت مات و خامۆشە
بە قانونی تەجەننون شۆڕشێ ئینشا نەکەم چبکەم؟
مەحوی

-79-

لە گۆشەیەکدا دانیشتووم،
ئاسۆی چاوەکانی تۆ نەبێ
هیچ تروسکانەوەیێ نابینم

لەو گەردوونەدا.

-80-

مامزی زنار کێوی خەیاڵم
لە زاکیرەمدا غارغارانێی عیشق دەبینم..

-81-

لە جیاتی سەفا تۆ شینت پێ فرۆشتم
خەم و کۆڤان و ئەشك و گرینت پێ کرۆشتم.

-82-

چەند رۆژێ بەر لە ئێستا کە تۆم بینی
دڵم لەرزی .. بۆ نایەی بە عیشق
ئەو بومەلەرزەیە بوەستێنی؟

-83-

من بیردەکەمەوە، کەواتە بە تەنیا
تۆ هەیت..

-84-

لە دووریتدا دڵم بۆتە پاژێ سەهۆڵ
وەرە بە تیشکی دەنگت بیتوێنەوە.

-85-

بە یاقووت بناغەی عەشق دارێژە
با تاوەری ئایندە بەرز راگرین..

-86-

سەرەتانی عەشقم گرتیە، وشەکانی تۆ نەبێ
مەرگ چاوەڕێمە..

-87-

پێش ئەوەی تۆ بێیتە نێو ژیانم
من لە مردن دەچووم..

-88-

سوپاس بۆ "SMS" ەکەت،
بەڵام من لە بێستانیترٖدا
میوەجاتی عەشقم چاندووە.

-89-

کاتژمێر "......" وەرە لای "............"
بۆ ئەوەی تاوێ دەست لە ملی عەشق
بکەین و، سەما بۆ ژیان بکەین.

-90-

وەرە ئەڤین
شەیدام بە پڕشنگەکانی خۆری ویساڵ
(هاشم سەڕاج)

-91-

کە ئێمە هێندە درەنگ یەکترمان ناسی
دەبێ گلەیی لە خواوەندی چارەنووس بکەین
چونکە ئێمە لە ئەزەلەوە بۆ یەکتری
خولقاوین..

-92-

www.kurdistannet.org
7-7-2006 16:21:29**یەکاتی ناوەندی ئەوروپا**

ئەگەر دووری نێوانمان، دووری نێوانی
دۆزەخ و فیردەوسیش بێ، بەڵام
تۆ هەمیشە لە هەناسە لێم نزیکتری.
-93-

لێم مەتۆرێ و باش بزانە، هەمیشە
راستی لە درۆ جوانترەو،
خۆشەویستیش لە رق.

-94-

کە لە گوڵەکانی باخچەیماڵەوەمان
دەڕوانم.. تۆم بیردێتەوە..

-95-

دڵتەنگ مەبە دڵم، تاریکیش بەشێکی ژیانە
بەڵام دوای هەموو ئاوابوونێك
هەڵهاتنێك هەیە.
-96-

ئەگەر بمزانیبووایە ئۆقیانۆسی
خۆشەویستی تۆ هێندە قووڵە،
هەرگیز بە کەناریشیدا رەت نەدەبووم.

-97-

تاکو تۆم نەدەناسی، نەمدەزانی
(خۆشەویستی) لە مانای مردن
تێناگا..
-98-

من لەگەڵ ئەوەش کە بڕوام بە

(تەملیکی) مرۆڤ نیە، بەلاّم
رێگا بەخۆم دەدەم ببم بە هی تۆ..

-99-

لێدەگەرێی بێم، لەباخچەی گیانت
گولّچنی بکەم؟

-100-

من گومان ناکەم کە تۆ گەورەترین
ستاری فیلمی ژیانی، بەلاّم گیان
با منیش ئەو پالّەوانەبم کە لەو
فیلمەدا تۆی خۆشدەوێ..

- 101 -

لەسەردەمی پۆست مۆدێرنیزمدا
کلاسیکیانە خۆشمدەوێی..

- 102 -

ئەی دلّ: خەفەت مەخۆ..
بە (حەپە حەپی سەگ)
رووباری عیشقان ئاوەگر نابێ.

-103-

پەیمانەیەکم لە شەرابە دەنگت پێ بدە
با بەسەرخۆشی پێلوەکانم لێك بنێم..

-104-

ئەو کاتە دەتوانم چاوە سیحراویەکانت
ماچ بکەم.. کە تلیاك بخەمە نێو
ساغەرێك و شاری پێ سەرخۆش بکەم.

-105-

گوڵێ: جارێ بە نووسینی ئەو (9) پیتە
فێردەوسم نیشاندە (خ.ۆ.ش.م.د.ە.و.ێ.ی).

-106-

حەزم دەکرد تۆ گوڵ بووایت
منیش هەنگ.. یان من گوڵ بووام و
تۆش پەپوولە.

-107-

ئەورۆ خەریکی خوێندنەوەی شیعر بووم،
بە پەنجەرەکراوەکەمدا، کوکوختییێك
خۆی کرد بە ژوورەوە، وابزانم تۆ بووی!؟

-108-

ئەوەندەی لە دڵم دەڕوانم،
هەر لە سێوێکی لەتکراو دەچێ،
لەتێکی هی ژنەکەم و لەتێکیشی
هی تۆ..

-109-

ئیدی باوەڕ ناکەم "چاو" جوانی
دروست بکا.. چونکە تۆ جوانێکی
ڕەهای.

-110-

من لە تۆدا دوو شتم خۆشدەوێ:
1-ئەو درەوشانەوەیە، كە لە ناخی
تۆدا بەرەو من دێ.
2-تروسكانەوەی ئەو جوانیەیە كە
لە رووخساری تۆوە بەرەو من دێ.

-111-

پێش ئەوەی ماچی لێوت قووت دەم
لەنێو دەممدا، غەغەرەی پێدەكەم.

-112-

شەوی رابرد، روو لە ئاسمان راكشابووم
كە زانیم مۆبایلەكەت داخراوە، بە ناچاری
سەبارەت بە تۆ لەگەڵ ئەستێرەكان دوام.

-113-

ئەی زەردەخەنەی خودا: یەك "SMS" ی تۆ
رێڕەوی رووباری بیۆگرافیای منی گۆڕی.

-114-

كە زەردەخەنەی منداڵێك دەبینم ..
تابلۆی یەكەم دیداری نێوانی
(خۆم و تۆم) دەكەوێتەوە یاد.

-115-

ئاهـ گوڵێ گیان: چەند شێتانە
لەژێر بەفری چاوەڕوانیدا هەڵدەرزم!؟

-116-

پێت وایە بتوانین پەنجەرە داخرواوەکانی
ئایندە، بە رووی خۆردا ئاوەلاً بکەین؟

-117-

من بەتەنیا بۆ خاتری پێکەنین هاتمە
نێو زەمینی ژیانی تۆ، کەچی ئێستا
تووشی گریان هاتووم.

-118-

حەزمە تەلەفۆنێکی هەتا هەتایت
بۆ بکەم..

-119-

هەمیشە "ئێستا" لە "ئاکام" جوانترە..
لێگەڕێ با لە "ئێستا" دا سەفا بکەین.

-120-

سۆزی پەنجەکانت داگیرسێنە
با ژووری گیانم رۆشەن بێتەوە.

-121-

تۆ کلیۆپاترای چاخی، لە سالّی 2005دا
ولاّتی ئێستەتیکی خۆتت لە هەولێر پێکهێنا.

-122-

لایەن دەستووری ژیان واتە: لەزەتکردن.
دەی وەرە با تامی لەززەت بکەین.

-123-

وەرە لە هەرێمی گیانم،
ئەزەلیترین کابینەی حکومەتی
عیشق دامەزرێنە..

-124-

ئەی بەفر حەزناکەم پەپوولەی ناخت
بە ئاگری وشەکانت بسووتێنم.
دڵتەنگ مەبە، هەمیشە برادەرایەتی
خۆشترە لە تۆران .. راستە ؟

-125-

لە وەصڵی تۆ زیاتر خەوفناکم، نەك لە هیجرانت
بە میپلی شەمع و پەروانە، بەڵێ، عاشق دەبێ وابێ! نالی

-126-

پانتاییەکانی عەقڵت فراوانکە، بۆ ئەوەی سۆز
داگیری تەخت و تاراجت نەکا..

-127-

گیان: ببورە کە ئازارم دای
دەزانم خۆشەویستیش سنووری خۆی هەیە.

-128-

سوێندم بە عیشق، هیچ عیشقێك
هێندەی عیشقی تۆ

تامی سووتانی پێی نەچێژتووم.

-129-

ببورە گوڵم: کە بە سەرخۆشی
شێتیەتی عیشقی خۆمت بە وشە
بۆ هەڵدەدەم.

-130-

ئێستا جارێ بەختەوەرم کە تۆم
لەژێر کەڵبەی هەموو گورگەکانی شارفڕاند و
جارێکیش ناشاد، کە ناتوانم بۆ ئەبەد
لە قەرویڵەی باوەشمدا بتخەوێنم.

-131-

تا سەر ئێسقان دەتپەرستم..
ئەوشەوە هاتمە بەر دەرگەتان
کەچی ژنەکانی گەڕەك لێنەگەڕان.

-132-

دڵتەنگ مەبە کە پەنهانی ڕۆحم لای هەڵم درکاندوە،
خۆ ئەگەر قسەکانی ڕۆحم بۆ بەرد نەکەم،
منت بۆ هەتا هەتایە لەدەست دەچێ.

-133-

خۆزگە تۆ خواوەندی پەرستگەیەك دەبووی،
تا ڕۆژانە کڕنۆشم بۆ ببردبووای..
"ماچت دەکەم فریشتەی گیانی من"

-134-

ئەستێرە دوورەکەم، خەونت پڕ بێ لە بۆنی بخوور..

www.kurdistannet.org


-135-

وەرە ببە هی من.. تا تەمەنی باقیم
بکەمە ملوانکەیەك و لەگەردەنتی هەڵواسم.

-136-

-ئەی لاولاوە مۆرەکەی بە پەنجەرە
داخراوەکەم.. دڵی کراوەتم خۆشدەوێ.

-137-

های .. دوێنێ شەو لە خەونمدا
لە پشتەوەی نفوسەکەت نووسراو بوو (اعزب)!

-138-

ئەوەندەم لە پێکی شەرابی چاوت
خواردەوە، ئێستا سەرخۆشم.

-139-

لێرەوە تا قیامەت، هەمیشە چاو دەبڕمە
ئاسمان.. بەڵکو لەنیوە شەوێکی ئەنگوستە چاودا
دەبیتە زیۆس و، بە باوەشتەوە دەمبەیتە
ئاسمان..

-140-

خۆزگە ئێواران ئەو گلاَسە بووام
کە پێکی شەرابی پێدەنۆشیی و
پاشانیش تووڕ هەڵتدابووام.

-141-

شەوت شاد، ئەی میوانی بەردەوامی
ماڵی خەیاڵم ...

-142-

گیان: بریا بۆ هەمیشەیی لەژێر سێبەری
تەنیاییدا خەوی غەفڵەتم لێکەوتبووایە..
نەوەك تووشی لافاوی خۆشەویستی تۆ
بهاتمایە..

-143-

من بە تەنیا پێکی خەفەت بۆ ئەو کاتە
هەڵدەدەم .. کە تۆم تیا ناسی..

-144-

ئاگری فیراقت دەمسوتێنێ، دیارە تۆ شەمعیت؟!

-145-

هەتاوی چاوەکانت لە جیاتی درەوشانەوە
تاریکی پێدام..

-146-

پارکی سەبرم سوتا، بارانی دەنگت داباریێنە..

-147-

ببوورە پەپوولە، کە گوڵی دڵتم بە
–با– ی ئازار هەڵوەراند.

–148–

من پەشیمانم، کە زمانم بێ تەتەڵە
کریستاڵی دڵتی شکاند.

–149–

ئێمە ڕێبواری دوو ڕێگای لێك جیاین..
من جەنتاکەی خۆمم پێیەو بێ ئاوەڕدانەوە
ڕێگا دەگرم.

–150–

بارانی پەشیمانی تەڕی کردووم
ئێستا بەدوای دۆزینەوەی خۆرێکی نوێم..

–151–

بڕیار بوو بێی کە نەهاتی من
لەژێر ئاگری چاوەڕوانیدا بووم بە شەختە.

–152–

بۆ ناکرێ شەوێ لەژێر ڕۆشنایی
ئەستێرەکاندا، نامەکانی "ماچ" بگۆڕینەوە..؟

–153–

هەزارەها میلم لە ژیاندا بڕی تا تۆم

دۆزیەوە .. کەچی ئێستا لەنێو دلّمدا
ونبوویت، بۆ کوێ رۆیشتی؟

-154 -

ببوورە گیان: کە لێشاوی "SMS" ە کانم
شالاّوی ئازارت بۆ دەهێنن، بەلاّم ئەوەیان گوناهی عەشقە.

-155-

من بە خەتی فرمێسك،
پیرۆزبایی ژیانێکی نوێت بۆ دەنێرم.

-156-

چی لە بیرەوەریەکان دەکەیت..؟
بڕوا ناکەم رێگای بەختەوەریت لێ نەگرن.

-157-

کە دووریت و دوورتر دەبیت، چۆن دەتوانم
بۆ نزیکبوونەوەت ئەشکت دانەڕێژم.

-158-

پیتی یەکەمی ناوی من لە ملوانکەی گەردەنت
داکەنەو، هەلّیدە نێو رووباری بیرەوەریەکانت.

-159-

کە تۆ لە باوەشی یەکێکیتردا دەخەویت
من دەبێ بپرسم: ئەی مەرگ بۆچی
پێتناگەم؟

-160-

قەدەرێکی سەیرە، من چاوەرێ بووم
لەبەهاردا تۆ بباری، کەچی من
بە تەنیا تۆفانی نامورادیم لێ دیارە.

-161-

یادگاریەکانت دەسووتێنم
تا خۆم لە مەرگێکی حەتمی دەرباز بکەم..

-162-

من ناتوانم رێگای رۆیشتنت پێ بگرم
چونکە چارەنووس پەنجەرەی
هەڵفرینی بۆ ئاوەلاکردووی.

-163-

لەو زستانی لێکدابرانەدا
من وام خۆم بەدیار ئاگردانی
بیرەوەریەکان گەرمدەکەمەوە.

-164 -

بە حوبری نێو دەمارەکانم، کەڤاڵی
عیشقت بۆ دەکێشم و لە بنەوەش
دەنووسم: تابلۆی سپێدە.

-165-

نەدەبوو بچیتە نێو ئەو "قەفەزە زێرینە" ی
کە دواتر دەبێ بە ئاگر..

-166-

تۆ بە تەنها بۆ من لەدایکبووی،
"سالڕۆژی لەدایکبوونت پیرۆزبێ"

-167-

بنووسن لەسەر کێلی مەزارم
شەهیدی عیشقم، مەدەن ئازارم
فۆلکلۆر

-168-

کە چرکەی یەکەم تۆم دیت، من تێگەیشتم
هەزاران ساڵە من بە دواتەوە وێڵم.

-169-

نامەت پێکە..
دەنگت شەرابە..
چاوەڕێم سەرخۆشم کەیت......
-170-

چەند رۆژێکە من لەژێر سێبەری
سێدارەی پرچی تۆدا، ژیان دەگوزەرێنم.

-171-

بە ناچاریی پیرۆزبایت لێدەکەم..
بڕۆ تامی پێکی لێوی تر بکە.

-172-

ئەگەر لە شاخی رۆحت بەفریش بیّ
من لەناو تەزیندا، خۆم بەخۆری
عیشقت فیّنك دەكەمەوە.

-173-

خۆشەویستی لە دكتۆریّكی جەلڵاد دەكا
دەتوانیّ میّشكت هەلّزریّنیّ..

-174-

تۆ گرفتیّكی گەورەت هەیە
یەكیّكت خۆشدەویّ بوونی نیە.

-175-

من ئیمانم بەوە هەیە كە تۆ تەنیا مولكی منی
خۆ ئەگەر لە ریالیستیشدا هی من نەبی
ئەوا لە فەنتازیاكانمدا بە تەنیا هی منی.

-176-

حەزمە پەنجەرەی گویّچكەكانت دابخەیت
لەو كاتەی جگە لەمن، یەكیّكی تر
پیّت دەلّیّ: خۆشمدەویّی.

-177 -

قەلّەمی گیانم سەبری نەما،
هیّندەی فرمیّسكی وشەت بۆ داریّژیّ.

-178-

کە پێت وایە من غەریبیت ناکەم
ئەوا برۆ پرسیارێکی گریان بکە.

-179-

بە دووریت مەمکوژە تاجی سەرم:
سپێدەیێی لەنێوانی چیاکانی ژیان
وەکو خۆر بۆم دەرکەوە.

-180-

چاوەڕێی ئەو رۆژەم کە تیشکی خۆری
چاوانت، لە رووباری پڕ لە خەفەتی ناخم بدا..

-181-

شانازی بەخۆم دەکەم، کە تۆم
لەژێر چڕنووکی هەموو پیاوە دڕندەکانی
شاردا ڕفاند.
-182-

لایمن لە تەرازووی بووندا، تۆ
لەجیهان گرانتری..

-183-

وێنەکەتم پێگەیشت بە جلی بووکێنی
ئۆف: چەند لە دۆزەخ دەچوویت!

-184-

کە ناتوانین دەستی یەك بگرین
دەبێ گوناهەکان بخەینە ئەستۆی کێ؟

-185 -

هەر بۆ ئەوەی رۆژانە سیحری چاوەکانت ببینم
رەنگە لەو رۆژانەدا عەرەبانەیەکی
مکیاجفرۆشی بکڕم.

-186-

گلۆپی سۆرتاریك داگیرساوە..
سیمفۆنیا پێکراوە..
دوو پێك شەرابیش دانراوە...
بۆ نایەی سەرێ لە ژووری دڵم بدەی!؟

-187-

بە خانەوادەکەت بڵێ: لەو رۆژانە
ئەسپ سوارێ دێ و ، بەرەو
کەنار دەریای دورگەکانی نادیاری
راپێچم دەکا..

-188-

کەسێکت دیوە، بەنیو دڵ بژیێ،
تازە چۆن دەتوانم بەجێت بێڵم؟

-189-

کە ویستت جێم بهێڵی، یاسینی

عەشقم لەسەر بخوێنە.

-190-

دەمانێك بوو غەجەر بووم لەنێو دنیای
ئەويندا، زۆرم خۆشويست، زۆرم ئەزموونااند
کەچی وەك تۆ، هەرگیز نەمدیوە.

-191-

بەيانيان کە لە خەو رادەبم، زوو هەست دەکەم
هێشتا سەرم کاسەو، خوماری شەرابی
عیشقی تۆم.

-192-

کە ئازاريشم دەی، من چێژ وەردەگرم،
ببوورە کە ڕێگای تۆرانت پێدەگرم.

-193-

لەو رۆژەوەی کە تۆ وەکو شەوبۆیێ
لەنێو گوڵدانی دڵی مندا رواى،
من هيچ جياوازييێك لە نێوانی
رۆژ و شەو بەدی ناکەم.

-194-

رۆحم کاغەزێکی بەفرینە، وەرە
بە زەخرەفەی ئەڤین بیڕازێنەوە.

-195-

من لەکەلێنی نێوانی گریان و
پێکەنیندا، تەنیا تۆم لێدیارە.

-196-

دێی لەگەڵم؟
بۆ نێو ئاگری فێنکی عەشق.

-197-

ژیان هات و چوو..
من هێشتا لە کحولی لێوی تۆم
نەخواردۆتەوە.

-198-

شەو نیە باڵندەی رۆحم
قەفەزی جەستە جێ نەهێڵێ و
سەرێك لە ماڵی رۆحت نەدا.

-199-

"SMS" ێکم بۆ بنووسە، با پیتەکانی
پڕ بێ لە گوڵاوی عەشق و
وشەکانیشی پڕ لە ماچ.

-200 -

ئەورۆ کە لەیەکتری دابڕاین
بۆ یەکەمجار بیرم لە "مردن"
کردەوە.

-201-

گلێنەکانم: ئاگاداری خۆت بە
دەترسم بە پاییزی وشە
چرۆی عەشمان بوەرێنن.

-202-

دەنگت ئەڵماسە، رەنگت یاقووت..
بۆچی نایێیتە نێو مۆزەخانەی گیانم؟

-203-

وەسیەتم کردیە، کە مردم "SMS" ەکانت
لەناو گۆڕ لەژێر سەرم دانێن..

-204-

ئیدی لێرە بەدواوە چەوتێ بەسەر 14ی فێبرایەر
دادەهێنم ، ئەو رۆژەش دەبێتە جەژنی
خۆشەویستی کە تۆم تیا ناسی ..

-205-

حەزمە تا ئاستی مردن ئاوریشمی پرچت بۆنبکەم،
لە رۆحمدا بتوێنمەوە، ئینجا روو لە
کوخی خەون رێگا بگرین.

-206-

ئاگاداری "جەستەو رۆحت" بە، چونکە
ئەوان هی منن و بە ئەمانەت لای تۆم
جێهێشتووە،

-207-

لە سەحرای سینە خاری غەم رووا‌وە..
لە هەوری دڵ خەفەتبارانە ئەمشەو.
نالی

-208-

گیان لەسەفەردام.. بۆنی پرچت لەو
دەشت و دەرە دەکەم... ئەوەی دەچێتە
نێو سیەکانم هەناسە نیە، تۆی لەشێوەی
هەناسە ژیانم پێدەدەی.

-209-

ئەو کاتە، خەو لە ماڵی چاوم رادەکێشێ
کە بە "SMS" ێك گیانم راهەژێنی.

-210-

تۆ لەو مانگە دەچی، کە درەوشانەوەت
بە تەنیا بۆ گۆمە.

-211-

ماچت دەکەم ماچ.. کەی دێی
لەژێر سێبەری داری سەفا
سەر بنێی بە سینگمەوە؟

-212-

گیان دوای نوستنی شار
من لەشاشەی مۆبایلەکەت دەردەکەوم..
ئەو کات تیشکی دەنگت دەکەمە پێك و دەیخۆمەوە.

-213-

دەروونم: لەپشت هەر داهێنانێك
خۆشەویستیەکی ئاڵۆز و شاراوە هەیە،
ئەوە جوانترین رستەیەك بوو "جۆن ناش"
هەڵێدا .. دەبێ تۆش ئەوە نەبیت بۆ من؟

-214-

لە شەوانی تەمموز کە روو لە ئاسمان
رادەکشێین، حەز دەکەی لە ئەستێرەکان وێنەی
وشەی "وەفا" ت بۆ دروست کەم؟

-215-

ببورە کە دوێنێ شەو بەر لە تۆ
-با- ی خەو راپێچام، بەڵام
ئەو بەیانیە، تۆ ببویت بە دوو دەست
لە نەسیم و واگات هێنام.. سەحەرت
باش ئەی نەسیم.

-216-

دەزانم هەموو رێگاکان داخراون
بەڵام من چ گوناهێکم هەیە، کە
لە پشت رێگاکەوە تەنیا تیشکی تۆ ببینم.

-217-

لە دووشەممەدا خودا دەستیکرد بە
دروستکردنی دنیا.. من و تۆیش
لە دووشەمەدا دنیای رۆمانێکمان
بۆ دنیا هێنایە ئافەریدە.

-218-

ئەگەر چی لە ریالیستدا لێت دوورم
بەلاّم تۆ هەمیشە لە ناوەوەی منداى.

-219-

ئەورۆ کراسی کەتانی ئالّو والاّی
بیرەوەریەکانم پۆشیوە، بخوورم
داگیرساندوە، مالّم لە پەرستگە دەکا..
چونکە یادی جەژنی یەکترناسینمان دەکەمەوە.

-220-

من ناتوانم پێت بلّێم: خۆشمدەوێی
چونکە دەبێ وشەیەکی دی هەبێ
لەسەرووی ئەو، کە هێشتا
هیچ فەرهەنگێك دەرکی پێنەکردووە

-221-

لەدەستم بووایە زاراوەسازەکانی دنیام
کۆ دەکردەوە، تا ئەو وشەیەم
بۆ دارێژن کە من لە هەستدا

بەرامبەر بە تۆ دەمەوێ دەریبڕم.

-222-

ئیحساسم ڕێگری پەنجەکانمە، ناهێلێ بۆت بنووسم،
چونکە هیچ گوزارشتێکی لایەق بە تۆی
پێ نیە.

-223-

تووخوا سنووری شار جێ نەهێڵێ
ئەی من روو لەکامە لا بکەم..؟

-224-

بۆ وا راکشاوی لەنێو پێخەفی گیانم..؟
وەرە لە نێو قەروێڵەی ئاویی
چاوەکانمدا بخەوە.

-225-

کە ئەورۆ نیوەڕۆ بێدەنگ بووم
حەزمکرد زنجیرەی خەونەکانت نە پچڕێنم.

-226-

_زۆر چاوڕێی وەڵامت بووم
چاوم درزی برد..کە گەیشت
نووسرابوو "Uncompleted massage")

-227-

ماچی دەمەکەی دامێ، کە دامێ سەروماڵم
بنوارە چ صەیادە، چ جەلـلادە بە حاڵم
نالی

-228-

ئاسمانی به یانیت داپۆشراوبێ به هەوری هەنگوین.

-229-

ئەو شەو لە غیابی دەنگت
لەگەڵ تەنیاییدا گۆرانیمان بۆ یەکتر دەچڕی.

-230-

پەنجەکانم تێنووی ئاوی گلاّسی لێوتن.

-231-

لێدەگەڕێی زۆر زۆر به هێوری
به نووکی قامکەکانم، هەست به
گەرمایی پێستی روومەتت بکەم..

-232-

ئەو کاتە دەتوانم لە بیرت بکەم
کە یەکێك بتوانێ گلاّسێ ئاوی
رژاوی نێو لم کۆبکاتەوە

-233-

جگە لە تۆ من کەسم نیە
جگە لەمن تۆ کەست نیە
دەکرێ یەکتربێکەس نەکەین؟

-234-

پێت وانیە ژیان تەنیا کلیپێکی کورتە.
کەوابێ با بیرۆکەی وێنە عەشقیەکان بنووسینەوە.

-235-

فێنکی گیانی تۆ نەبێ، گەرمایی ئەو شارە
دەمکوژێ ، دەکرێ بە چەند وشەیەك
تەواو فێنکترم بکەیتەوە.

-236-

(6) "SMS" ی پریڤات – تایبەتی-
لەنێوانی دوو خۆشەویست ..
A- کچەکە بەو شێوەیە دەنووسێ:
دەریا دەریا دەریا دەریا دەریا
دەریا دەریا دەریا دەریا دەریا
دەری ی ی ی ی !!!!!!!!!!!! ......
B- وەلاّمی کورەکە:
بەلّێ گیان بەلّێ: بێ ویستی خۆم
چاوم پڕ بووە لە فرمێسك،
من نازانم بۆچی دەگریم !
دەکرێ رێگای زەردەخەنەم
نیشان بدەی؟
C – کچەکە:
رێگای زەردەخەنە زۆر زۆر دوورە...
دلّنیام لەو رێگەیەدا لە تێنوویەتیدا
دەخنکێم، تۆیش دەبیتە هەلّۆیێکی
بەرزە فڕو بەجێم دەهێلّی.
D – کورەکە:
دیارە ئەورۆ ئاقلّ بووی !؟ وازت
لە شێتیەتی عەشق هێناوە؟
خۆشمدەویێ، ئەی تابلۆی
هەلّکۆلّراوی ناو مۆزەخانەی گیانم.

E – كچەكە:

عەقلانیەت لەوەدایە كە دەرك

بكەم، رۆژێك دادێ هەڵدەفڕیت و

بە تەنیایی بەجێم دەهێڵی؟

F – كوڕەكە:

سوێندم بە عیشق و بە هەموو شتە جوانەكانی گەردوون،

بە جێت ناهێڵم، مەگەر بمرم!

لەو دەمەدا:

كچەكە برای دێتەوە .. یان تۆڕی "كۆڕەك تەلیكۆم" تێكدەچێ .. یانیش بەلانسەكان بریتی دەبن لە سفر .. هەر چیەك بێ! رۆژێكی نوێ دادێ و دەست دەكەنەوە بە نووسی "SMS" و لە جیاتی كۆتر و پەڕەسێلكە بە ئامێرێك نامەی عیشق دەگۆڕنەوە كە پێی دەڵێن "مۆبایل".


- سوپاسم بۆ بەڕێزان : م.مەحموود زامدار، كاك هاشم سەڕاج ، د.سەروەر عەبدولا، سەرۆی ئازیز ( سەركەوت وەلی )، كاك بێكەس حەمەد قادر، باهۆز، كە هەریەكەو بە شێوەیەك پشتگیری ئەو پڕۆژەیان كرد .

- سوپاسێكی داپۆشراو بە كراسی درەوشانەوە بۆ تۆ، ئەی دوماهیترین ئاسمانی سەوزی ئێستەتیك و سەفا، كە ئەو تێكستانەت هێنایە ئافەریدە، خۆ بەشێكیشی هەر هەڵقولاوی رۆحی پڕ لە یاقووتی بەڕێزتن .

- سوپاس بۆ مۆبایلەكەی (( دەریا )) ..

## بەرهەمەکانی نووسەر

2005 - 1995

1- **کرنووش**،هەولێر: نووسینگەی گۆڤاری وێران،1995، 70ل.

2- **فیردەوسی بەفرەکان**، هەولێر: (ب.چ) 1996، 52ل.

3- **پرۆژەی برادەرانی زناك**،هەولێر: (ب.چ)20،1996ل.

4- **سەفەرەکانی ئۆرشەلیم**، ئەلمانیا: (ب.چ) 1997، 180ل.

5- **سەفای تەم**، هەولێر:مالی شەرەفخانی بەتلیسی، 2000، 67ل.

6- **زایزۆنی دووەمی زناك**، بە هاوبەشی لەگەڵ هاشم سەراج،هەولێر: لە بلاْوكراوەكانی ڕۆژنامەی میدیا، 2000، 44ل.

7- **لانەتان کێلگەی حەشیەشە**، هەولێر: (ب.چ)، 2001، 125ل.

8- **دیالۆگی لالێك لە مێسێنجەری پەپولەکان**، هەولێر:لە بلاْوكراوەكانی دەزگای بەدرخان، 2004، 153ل.

9- **گومان مەکە خۆشم دەوێی**، ئەلمانیا، 40،2004ل.

**گومان مەکە خۆشم دەوێی**– چ 2، سلێمانی : چاپخانەی گەنج، 50،2005ل.

10- **دووسەدو سی و شەش (**SMS**) ی شیعری**، سلێمانی: چاپخانەی گەنج،2005، 109ل.

## نجیرەی کتێبە چاپکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران– هەولێر

1- **گرەو** ،عەزیز نەسین،و / لە عەرەبییەوە جەمال گردەسۆری، هەولێر: (ب.چ)، 2003، 38ل.

2- **بێناسنامەکان،چ2**،عەزیز نەسین،و/ لە فارسییەوە حەمە کەریم عارف، سلێمانی: چاپخانەی شڤان،2003، 160ل.

3- **ئاغا و شێخ و دەوڵەت،ب1،چ4**،مارتین ڤان برونسەن، و/ لە ئەلمانییەوە د.کوردۆ عەلی، سلێمانی: چاپخانەی شڤان،2003، 360ل.

4- **کوردو کوردستان- بەشی (1-2)،چ2**،محەمەد ئەمین زەکی بەگ، سلێمانی: چاپخانەی شڤان ،2004، (278+272)ل.

5- **مرۆڤ لە نێوان ڕواڵەت و جەوهەردا**،ئەریك فرۆم،و/ لە عەرەبییەوە سابیر بەکر بۆکانی، سلێمانی: چاپخانەی شڤان2003، 216ل.

6- **کورد لە سەدەی نۆزدەو بیستدا،** کریس کۆچێرا، و/ لە فارسییەوە حەمە کەریم عارف، سلێمانی: چاپخانەی شڤان،2004، 464ل.

7- **چاوەکانی،چ4**،بزورگ عەلەوی، و/ لە فارسییەوە ئازاد بەرزنجی، سلێمانی: چاپخانەی شڤان ،2004، 144ل.

8- **ئینسایکلۆپیدیای فەیلەسوفان**،سەرپەرشتی م. ڕوزنتال،ب. یوردین، و/ لە عەرەبییەوە محەمەد وەسمان عەزیز، سلێمانی: چاپخانەی شڤان،2004، 550ل.

9- **بەیەکگەیشتنی کوردو لان لە ولاّتی باب و شەروان،**د.جەمال ڕەشید ئەحمەد، و/ لە عەرەبییەوە ئاسۆس محەمەد مەلاقادر، سلێمانی: چاپخانەی شڤان،2004، 330ل.

10- **بیرەوەرییەکانی تەیموری لەنگ،چ3**، مارسل بریون، و/ لە فارسییەوە حەمەی حەمە سەعید ، سلێمانی: چاپخانەی شڤان ،2004، 324ل.

11- **ڕۆشنبیری سێکسی و تەندروستی ،چ8**،فازیل هیمەت، سلێمانی: چاپخانەی شڤان ،2004، 259ل.

12- **کلیکی ئینتەرنێت،چ2**،سەرکەوت پێنجوینی، سلێمانی: چاپخانەی شڤان، 2004، 98ل.

13- -**فێربوونی فەرەنسی بە ئاسانی،**کوردۆ ئەحمەد، سلێمانی: چاپخانەی شڤان،2004، 63ل.

14- **مرۆڤ لە نێوان ڕواڵەت و جەوهەردا،چ2**،ئەریك فرۆم،و/ لە عەرەبییەوە سابیر بەکر بۆکانی، سلێمانی: چاپخانەی شڤان2004، 214ل.

15- **کێشە سێکسییەکان،چ3**،فازیل هیمەت، سلێمانی: چاپخانەی شڤان، 2004 ، 130ل.

16- **ئازادی یا مەرگ**،نیکۆس کازانتزاکیس، و/ لە فارسییەوە حەمە کەریم عارف، سلێمانی: چاپخانەی شڤان،2004، 560ل.

17- **فەرهەنگی شیرین(عەرەبی- کوردی)،چ4**،فازیل نیزامەدین، سلێمانی: چاپخانەی شڤان،2004، 845ل.

18- **زمانناسی و هەندێ لە بابەتی زمانناسیی کوردی**،سەلاّم ناوخۆش، سلێمانی: چاپخانەی شڤان،2004، 103ل.

19- **ئەدەب و فەلسەفە**،نووسین و وەرگێڕانی کەریم دەشتی، سلێمانی: چاپخانەی شڤان،2004، 527ل.

20- **چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی**، سەمەدی بیهرەنگی، و/ لە فارسییەوە حەمە کەریم عارف، سلێمانی: چاپخانەی شڤان،2004، 240ل.

21- **ئێواران بۆنی خەوم لێ دێ**، چنوور نامیق حەسەن، سلێمانی: چاپخانەی شڤان،2004، 112ل.

22- **ئەفسانەی گریکی و ڕۆمانی** ،گریس،هـ . کوپفر،و/ لە فارسییەوە حەمە کەریم عارف، سلێمانی: چاپخانەی شڤان،2004، 152ل.

23- **جان جاك ڕۆسۆ**،موریس شربل،میشال ابی فاچل، و/ لە عەرەبییەوە ڕەحیم سابیر، سلێمانی: چاپخانەی شڤان،2004، 98ل.

24- **ڤۆلتێر**،ئەندریە کریسۆن،و/ لە عەرەبییەوە ڕەحیم سابیر، سلێمانی: چاپخانەی شڤان،2004، 56ل.

25- **سەدەی یەکەمی خەیاڵ**، کاروان عومەر کاکە سوور، سلێمانی: چاپەمەنی گەنج ،2004، 224ل.

26- **ڕێزمانی ئینگلیزی زاگرۆس**،یوسف فەقیهی، سلێمانی: چاپەمەنی گەنج،2004، 201ل.

27- **لە نێوان (بلیمەتی)و (شێتی)دا،چ2**،هاشم سالّح،و/ لە عەرەبییەوە نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، سلێمانی: چاپخانەی شڤان،2004، 102ل.

28- **دواڕۆژی مەحکومێك**،ڤیکتۆر هۆگۆ، و / لە ئەلمانییەوەعەبدولموئمین دەشتی، سلێمانی: چاپخانەی گەنج،2004، 127ل.

29- **کورد لە سەدەی نۆزدەو بیستدا، چ2**،کریس کۆچێرا، و/ لە فارسییەوە حەمە کەریم عارف، سلێمانی: چاپخانەی شڤان،2004، 464ل.

30- **ژنە مۆدێرنەکە** ، ئەردەلان عەبدوڵڵا، سلێمانی: چاپخانەی شڤان، 2004، 174ل.

31- **ئەسپیدیلۆن،چ2**، کاروان عومەر کاکەسوور، سلێمانی چاپخانەی شڤان،2005، 221ل.

32- **سەد ساڵ تەنیایی،چ2**، گابریل گارسیا ماركز،وەرگێڕانی لە فارسییەوە حەسەن ڕەستگار، سلێمانی چاپخانەی شڤان،2005، 387ل.

33- **فەرهەنگی خاك(فارسی – كوردی)**، مەحموود عەبدوللاّ وجەمال جەلال ، **هەولێر**: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،2005، 370ل.

34- **هەولێرم وادیوەو بیستووە، ب3**، سەید مەولود بێخاڵی، **هەولێر**: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،2005، 374ل.

35- **باخچەی بەردین، نیكۆس كازانتزاكیس** ، و/ لە عەرەبییەوە جەلیل كاكەوەیس، سلێمانی: چاپخانەی شڤان، 2005، 302 ل.

36- **سەرەتایەك لە فەلسەفە كلاسیكی یۆنان، چ** 2، حەمید عەزیز سەعید، سلێمانی: چاپخانەی شڤان،2005، 302ل.

37- **گێلەپیاو، چ3**، عەزیز نەسین ، و/ لەفارسییەوە عەبدوللاّی حەسەن زادە، **هەولێر**: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە– **هەولێر**،2005، 277ل.

38- **ڕۆمانی كوردی و پەرتبوونی ڕووداو و نازیندەیی شاكەس**،جەلیل كاكەوەیس، سلێمانی:چاپخانەی بینایی ،2005، 153ل.

39- **هونەری شیعر ، چ 2 ، هۆراس** ، حەمید عەزیز كردوویە بە كوردی، سلێمانی :چاپەمەنی چوارچرا ، 2005 ، 55ل .

40- **ڕەخنەی ( ڕەخنەی ڕۆمانی كوردی)**،فوئاد ڕەشید، سلێمانی : چاپخانەی ڕوون، 2005، 197ل.

41- **نوێگەری – كۆمەلە وتار**، محەمەد وەسمان،سلێمانی: چاپخانەی چوارچرا،2005، 107ل.

42- **مێژووی هاوچەرخی كورد،چ2**، دیڤید مەكداول، و/ لە فارسییەوە ئەبووبەكر خۆشناو، **هەولێر**: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، 2005، 747ل.

43- **بیبلۆگرافیای فۆلكلۆری كوردی**،د.عومەر ئیبراهیم عەزیز،سلێمانی:چاپخانەی چوار چرا ، 2005، 320ل.

44- **زاخی گۆرانی- چەپكێك لە هۆنراوەی گۆرانی**،شێروان حەسەن حوسنی،سلێمانی چاپخانەی گەنج، 2005، 252ل.

45- **لە پەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی،چ** 2، ڕێبوار سیوەیلی، سلێمانی : چاپخانەی شڤان، 2005، 224ل.

46- **تاسەی ئازادی ، چ2**، سیامەند شێخ ئاغایی، سلێمانی چاپخانەی گەنج، 2005، 153ل.

47- **سەگی سوورەی** ، سیامەند شێخ ئاغایی، سلێمانی: چاپخانەی گەنج، 2005، 190ل.

48- **بەندەری گول**، شێروان حەسەن حوسنی، سلێمانی: چاپخانەی گەنج، 2005، 120ل.

49- **كیماگەر**،پاولۆ كۆوێلۆ، ئاسۆ حەسەن زادە لە فەرەنسییەوە كردوویە بە كوردی، سلێمانی: چاپخانەی كارۆ، 2005، 148ل.

50- **ونگە-چ2**، عەبدوڵلاّ سەراج، سلێمانی: چاپخانەی گەنج،173،2005ل.

**51- گومان مەكە خۆشمدەوێی-چ2**،زانا خەلیل، سلێمانی: چاپخانەی گەنج،50،2005ل

52- **سۆناتای ڕۆح-چ2**، عەبدوڵلاّ سەراج، سلێمانی: چاپخانەی گەنج،85،2005ل

53- **نینا-چ2**، سابت ڕەحمان،حەمە كەریم عارف لە فارسییەوە كردوویە بە كوردی، عەبدوڵلاّ سەراج، سلێمانی: چاپخانەی گەنج،288،2005ل.

54- **پەیامبەر**،جبران خەلیل جبران، عمران هاواری لە فارسییەوە كردوویە بە كوردی، سلێمانی: چاپخانەی گەنج،106،2005ل

55- **ئاوێنە-100 كورتیلە چیرۆكی كوردی**، سابیر ڕەشید، سلێمانی،: چاپخانەی گەنج، 2005، 79ل.

56- **بەدەم شەپۆلەوە بارانەكان دەڕۆن**،بەهرە موفتی، سلێمانی: چاپخانەی گەنج،2005، 102ل.

57- مفهوم الفيدرالية،د.نوري الطالباني،السليمانية : مطبعة گەنج، 2005، 57ص.

58- **دووسەدو سی و شەش (sms)ی شیعری**، زانا خەلیل، سلێمانی: چاپخانەی گەنج، 2005، 109ل.

www.kurdistannet.org
7-7-2006 16:21:29 **بەکاتی ناوەندی ئەوروپا**